# چاویلکەیەکی زیرەک و تواناگەلێکی زۆر



چاویلکەی زیرەك کە بۆ یەکەمجار لەلایەن گوگڵەوە بەرهەمهات و دواتریش کۆمپانیاکانی دیکە پەرەیان پێدا، بۆتە یەکێك لەئامێرە تەکنەلۆژییەکانی سەردەم، رەنگە لایەنگری زۆر نەبێت، بەڵام لە داهاتوودا هیچ دوور نییە شوێنی چاویلکەی ئاسایی بگرێتەوە، چاویلکەی زیرەکی Oppo Ar Glass 2021 یەکێکە لەم چاویلکانەیە. بەهۆی ئەم چاویلکەوە دەتواندرێ ڤیدیۆیەکان بەشێوەی واقیعی ببیندرێ، یارییە VR و وێنەی VRی پێ سەیر بکرێ.

کۆمپانیای ئۆپۆی بەرهەمهێنەری چاویلکەکە پێیوایە بەرهەمەکەی ئەو جیاوازە و لەباری کێشەوە ٧٥ کێشی کەمترە لەچاویلکە سمارتەکان و رێك وەك چاویلکەیەکی ئاسایی دەچێت. شاشەیەکی بچووکی کەمتر لە ئینجێکی هەیە. سپیکەرێکی دەنگ بەرزیشی لەگەڵدایە. کاتێك بە چاویلکەکە سەیری فیلمەکان دەکەی وەك ئەوە وایە لە هۆڵی سینەما دانیشتبی وایە. چاویلکەکە لە رێگای ئاپێکەوە لە مۆبایلدا کۆنترۆڵ دەکرێ.



## گوڵدانێک مۆبایل پاک و شەحن دەکاتەوە

ئەم ئینجانە بچووکە کە زیاتر وەك پەرداخێك دەچێت، سەرەڕای شەحنکردنەوەی مۆبایل لە ڤایرۆسی و باکتریاش پاکی دەکاتەوە.

کاتێك مۆبایلەکەت شەحنی دادەبەزێت هەر ئەوەندە بەسە لەناو ئەو گوڵدانەی دابنێی و ئیدی بە هۆی بڵاوکردنەوەی تیشکی سەرووی وەنەوشی گشت باکتریا و میکرۆبەکان لەناو دەبات و مۆبایلەکەش شەحن دەبێتەوە.

گوڵدانە شەحنکەرەوەکە بە جۆری Obilo phone ناسراوە و لەگەڵ هەموو ئەو مۆبایلانە دەگونجێت کە سیستەمی Qi واتە شەحنکردەوەی خێرایان هەیە.

## مەچەکبەندی زیـ



مەچەکبەند (باند) شوێنی کاتژمێری زیرەکی گرتۆتەوە، جیاوازی مەچەکبەند لەگەڵ کاتژمێر زۆرتر لە ستایل و شێوازەکەدایە.. ئەگینا لە بوار کارکردا زۆر لێك دەچن.

«هواوی» لەم ماوەیەدا نوێترین مەچەکبەندی هۆشمەندی خۆی بەناوی Honor band 6 خستەڕوو. یەکەمین مەچەکبەندی زیرەك کە شاشەیەکی تەواوی هەیە. شاشەکەی ١,٤٧ ئینجە و لە جۆری AMO-LEDیە.

بەکارهێنەری مەچەکبەندەکە وەك چاودێرێکی



# شەحنکەرەوەیەکی بێ وایەر بۆ هەموو ئامێرێک

لەو سەردەمەی کرۆنادا، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ وەك زۆربەی کۆمپانیاکان سستیەکی زۆری بەخۆیەوە دیوە و نەیتوانیوە وەك سالانی بەرێ بەرهەمی نوێ بەرهەم بێنن، بەڵام هەوڵی زۆریشیان داوە کە دوا نەکەون.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای Zens شەحنکەرەوەیەکی وایەرلەیسی بەناوی Zens modular بەرهەمهێناوە. شەحنکەرەوەیەك بۆ هەموو ئامێرێك و بە ویستی بەکارهێنەرەکەی گەورە و بچووك دەکرێتەوە.

خۆی لە ناوەندییەکی شەحنکردنەوە و چەند پارچەیەکی موگنتایسی پێکهاتوون کە هەرکام لە پارچەکان بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرێك دەگونجێن. نەك تەنیا بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل، بەڵکو بۆ شەحنکردنەوەی، کاتژمێر، کامێرا و مۆبایلەکان بە هەردوو جۆری ئەپل و ئەندرۆید و ئامێرەکانی دیکەش کە شەحن بکرێنەوە دەگونجێت.



# ...ـــــرەکی تەواو شاشە

تەندروستی لەگەڵدابێ ئاوایە، چونکە مەچەکبەندەکە، لێدانی دڵ، چۆنییەتی ئوکسیژن لە خوێندا، چاودێری بەسەر خەو و نووستن و گرتنی فشاری خوێن و چەند تایبەتمەندی دیکەشی تێدایە. تایبەتمەندییەکیشی بۆ خانمان تێدایە کە ئەویش بیرهێنانەوە و ئاگادارکردنەوەی لەکاتی سوڕی مانگانەیاندایە. زۆر بەخ ێرایی شەحن دەبێتەوە تەنیا لە ماوەی پێنج خولەکدا بۆ دوو رۆژ شەحنی دانابەزێت، ئەگەر بەتەواویش شەحن بکرێتەوە هەتا ١٤ رۆژ دانابەزێت.



# ئەپڵ و بەرهەمێکی نوێ

بەرهەمەکانی ئەپل لە بواری تەکنەلۆژیای نوێدا هەمیشە پێشەنگن و لایەنگرێکی زۆریان هەیە. ئەپل لەو ماوەیەدا بەهاوکار کۆمپانیایەکی تر بۆ کاتژمێرە زیرەکەکەی «باند»ێکی بەرهەمهێناوە کە بە Wriscam ناسراوە. بەهۆی ئەمەوە دەکرێت وێنە بگری تەنانەت فیلم هەڵبگرییەوەو و پەیوەندییە دەنگ و رەنگییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەڵام بدەیەوە. بۆ فیلم و وێنە هەڵگرتنەوە پێویست بە کامێرای سەر مۆبایلەکە ناکات و خۆی دوگمەیەکی بۆ وێنەگرتن تێدایەو ئەگەر دایبگری فیلمیش هەڵدەگرێتەوە و بەهۆی سیستەمی بلوتوس ٥ و ستاندەردەی وای-فای لەگەڵ مۆبایلەکەی پەیوەند دەدرێت. میمۆریەکەی ٨ گیگابایتە کە بەهۆیەوە دەکرێت کاتژمێرێك فیلم بە کوالیتیەکی بەرز هەڵبگیرێتەوە یان هەزاران وێنەی پێبگیردرێت.



## ئەڵقەیەکی زیرەک بۆ بەرگ

کۆمپانیای (Oura) کە لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان چالاکی هەیە، ئەڵقەیەکی زیرەکی بەرهەمهێناوە بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆیەوە ئاگاداری تاو و گەرمی جەستە، لێدانی دڵ و چۆنییەتی هەناسەدانیان ببن. ئەمەش بۆ کارمەندانی بواری تەندروستی زۆر گونجاوە کە بەردەوام لەگەڵ نەخۆشەکانیان پەیوەندیان هەیەو دەزانن کە تووشی کرۆنا بوونە یان نا.

کادیر و کارمەندانی تەندروستی لە شاری سانفرانسیسکۆ کە بەکارهێنەری ئەم ئەڵقەیەن بە بەکارهێنانی ئەم ئەڵقەیە، زۆر رازین لەوەی کە ئەڵقەکە لە هێما سەرەتاییەکانی تووش بوون بە ڤایرۆسی کرۆنا ئاگاداری کردوونەتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیارێك دەكات كە زۆر كەسی دیكەش هەمان پرسیاری كردووە، ئەویش دەپرسێت ئایا ئەو ماڵپەڕانەی ئێمە رۆژانە دەیانكەینەوە دەتوانن بە ویستی خۆمان كامێرای لاپتۆپەكەمان بكەنەوە؟**

خوێنەری بەڕێز لە جیهانی تەکنەلۆژیادا هیچ شتێك مەحاڵ و نەکردەنی نییە. بۆیە دەڵێم بەڵێ دەتوانن و دەشکرێت.. هەربۆیە ئێستا هەندێك کۆمپانیای بەرهەمهێنی لاپتۆپ و دیسکتۆپ، لەسەر کامێرەکە پارچەیەکیان داناوە و ئەگەر پێویستت پێ نەبوو، پارچەکە لەسەر لاپتۆپ دادەنێی بۆ ئەوەی کامێراکە گەر کراوەش نەتان بینن.. ئەگەر مەترسی ئەوەت هەی دەتوانی سەر کامێرای لاپتۆپەکەت، تێپێکی رەشی لێبدەی..



## وەرگێڕێک بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان

ئەگەر بچییە ولاتێك كە نە زمانی خەڵكەكە بزانی و نە ئاشنای وڵاتەكە بی، پێویستت بە كەسێكی رێنوێنە.. چ شتێك لەوەی باشتر كە وەرگێڕەكە یان رێنوێنكارەكە لەگەڵ خۆت بێ و لێت جیا نەبێتەوە.. وەرگێڕی جۆری MESAY 3.0 Pro AI Translator ئەو ئامێرەیە كە بۆ هەموو ئەوانەی گەشتی وڵاتان دەكەن گونجاوە. وەرگێڕێك كە دەتوانێت ٧٦ زمانی زیندووی جیهان بۆ یەكتر وەربگێڕێت، ئەگەر هێڵی ئینتەرنێتت هەبێت. بەڵام بەبێ هێڵیش دەتوانێت ١٢ زمان بۆ یەكتر وەربگێڕێت.

وەرگێڕەكە نە تەنیا زمانی فەرمی وڵاتێك، بەڵكو زمانە نیوە رەسمییەكانیش یا زمانی خەڵكی ناوچەیەكی دیاریكراویشی تێدایە. بۆ نموونە بۆ زمانی عەرەبی نزیكەی ١٥ زمانی تێدایە، واتە عەرەبی میسری، عێراقی، تونسی، جەزائیری.... تاد. جگە لەوەش دەتوانێت وێنە و هێماكانیش وەربگێڕێت. دەتوانی لەوەی مەبەستتە وێنە بگری و هەتا زانیاریت لەبارەی ئەو شتە بەو زمانەی مەبەستتە پێت ببەخشێ.

بە دوو كاتژمێر شەحن دەبێتەوەو هەتا ١٥٠ كاتژمێریش دانابەزێت. میمۆرییەكەی ٥١٢ گیگایە و هەروەها رامەكەی ٤ گیگابایتە.




## دی جی و درۆنە نوێیەکەی و تایبەتمەندییەکانی



## ـــــــــری لە کرۆنا

ئەڵقە زیرەکەکە، چاودێری خەوی بەکارهێنەر، لێدانی دڵ، گەرمای جەستە، چۆنییەتی هەناسەدان و پێوانی هەنگاو و ڕێژەی وزە سووتاندنی بەکارهێنەر دەزانێت. ئەو زانیارییانە لە ڕێگای ئەپێکی مۆبایلەوە دەبیندرێن و چونکە بەردەوام ئەڵقەکە زانیارییەکان بۆ سەر مۆبایلی بەکارهێنەر دەگوازێتەوە.





# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی سلایدشۆ

سلایدشۆ (slideshow) بەو پەیج و ئینفۆگرافیکیانە دەگوترێ کە لەرێگای تیڤی و پرۆژکتەرەوە بۆ روونکردنەوەیەکی مەبەستێك نیشان دەدرێن. بۆ دروستکردنی سلایدشۆ دەبێ لە پێشدا لەسەر کۆمپیوتەر ئامادەکرابن و پاشان بدرێن بە تیڤی یان پرۆژکتەر.. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی سلایدشۆ. ئەوەی لە هەموویان باوترە و رەنگە زۆربەمان جارێك لە جاران بەکارمان هێنابێ، پرۆگرامی (پاوەرپۆینت)ی سەر بە ئۆفیسی مایکرۆسۆفتە، بەڵام زۆر پرۆگرامی هاوشێوەی ئەویش هەن کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. یەکێك لەم پرۆگرامانە کە هەم بەکارهێنانی ئاسانەو هەم قەبارەیەکی کەم دەگرێ، پرۆگرامی Articulate Storylineە. پرۆگرامێکی سەرکەوتوو و ئاسان بۆ دروستکردنی هەموو جۆرە سلایدێك.. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەکرێت بە پاشگری Html خەزنیان بکەی. سەرەڕای ئەوەی بە ویستی خۆت دەتوانی دەستکاری لەو سەدان چوارچێوانەدا بکەی کە پێشووتر لە پرۆگرامەکەدا داندراون.

## ماڵپەڕێکی گرنگ بۆ سلایدی ئامادەکراو

سلاید «slid» بەمانای نیشاندانی زانیارییەك دێت بەهۆی پرۆژکتەر یا تیڤی یا بۆردی دیوار کە روونکردنەوەی بۆ بینەران تێدابێت..

باوترین پرۆگرام بۆ دروستکردنی «سلاید» پرۆگرامی پاوەرپۆینتە. ئەویش پێویستی بە لێزانینە و ئەزموون و کارکردنە.. بەڵام ماڵپەڕی https://slidehunter.com/ هەزاران سلایدی ئامادەکراوی پاوەرپۆینتی تێدایە کە بەویستی خۆت دەتوانی، وێنەکان، دەقەکان و ئینفۆگرافیکەکان بگۆڕی و کات و سات نیشاندانەکەش دەستکاری بکەی.. لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ماڵپەڕەدا کاتێکی زۆرت بۆ دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە خوێندکاری زانکۆن و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەو بوارەدا نییە.

«درۆن» یا کۆداکۆپتەر گۆڕانکارییەکی گەورەی لە تەکنەلۆژیای فیلم هەڵگرتنەوە و سینەمادا پێکهێنا، نەك لەو بوارەدا بەڵکو بۆ بوارەکانی ئەمنی و تەندروستی و گواستنەوەش سوودێکی زۆری هەیە.

کۆمپانیای DJI کە یەکێك لەناسراوترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی درۆن، لەم ماوەیەدا درۆنی جۆری DJI mini ۲ی بەرهەمهێنا، کە توانای هەیە بە کوالیتی K4 و بە زۆمی ٤ بەرامبەر وێنە فیلم هەڵبگرێتەوە. ئەم درۆنە شوێنی درۆنی جۆری Mavic mini هەمان کۆمپانیا دەگرێتەوە.

جگە لەوەی کوالیتی لە وێنە و فیلمگرتندا چۆتە سەرێ، خێرایشی زیاترە جاران کە درۆنەکە دەکرا هەتا ٤ کیلۆمەتر لەخاوەنەکەی دوور بکەوێتەوە، ئێستاکە مەوداکە زیاتر بووە و بۆتە دە کیلۆمەتر. دەتوانێت هەتا زیاتر لە نیوکاتژمێر لە ئاسماندا بمێنێتەوە. کێشی درۆنەکە ٢٤٩ گرامە. و تەنیا هەندێك لە مۆبایلێك گەورەترە.